دارایی عیراق: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە مانگی پێنج خەرج دەکرێت



وەزارەتی دارایی عێراق رایگەیاند، لەئەمڕۆوە دەستیان بەخەرجکردنی موچەی مانگی (ئایار/5)ی 2025ی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کردوە وەشڕێت، "بەردەوام دەبن لەنارادنی شایستەی دارایەکانی هەرێم، تا ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم پابەندی یاسای بودجە و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بێت".

وەزارەتی دارایی عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی (550)ی ئەنجومەنی وەزیران کە لەدانیشتنی نائاسایی خێیدا لەڕۆژی پێنجشەممەی 17ی (تەممووز/7)ی 2025 دەریکرد، ئەمڕۆ سێشەممەی وەزارەتی دارایی دەستیکرد بەخەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە مانگی (ئایار/5)ی 2025، خەرجکردنی پارەکەش دوای ئەوەی دێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بو بەو بڕیارەی لەکێبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەرکردا.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "بەگەیاندنی ئەو بڕە نەوتەی ئێستا لەکێگەی نەوتییەکانی هەرێم بەرهەمدەهێندرێت بڕیکخراوی بەبازارکردنی نەوتی دەوڵەتی (سۆمۆ)، بەردەوامبون

لەسەر رادەستکردنی، یەك لە دوای یەك تا ئەو بڕە پارانە هەوانە دەکرێن کە لە ئەنجومەنی وەزیران بریاریان لەسەردراوە".

ئەوەشیخستەڕو، "جگە لە وەرگرتنی پارەی سەرەتایی 120 ملیار دینار لە داهاتە نانەوتییەکان، بەردەوامبون لە جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، وەزارەتی دارایی فیدڕاڵی دوپاتیدەکاتەوە، بەردەوام دەبێت لەجێبەجێکردنی ڕێکەوتنە یاسایی و دەستوریەکان بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان، تا ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لەپابەندبونی خێی بەجێبەجێکردنی یاسای بودجەی فیدڕاڵی و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.